کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:06 23-7-2007

**کاک فەرهاد سەنگاوی جارێکی تر بە سیدیە نوێکەی بووەوە خۆشەویستی ناو جەماوەرە زوڵم لێکراوەکەی دەستی داگیرکەران و بەرپرسانی ئەمڕۆی کوردستان... سەباح عەلی قارەمان**



ئەوە بوو لە کاتی هەڵبژاردنە سەرتا سەرێکەی عیراق فەرهاد سەنگاوی هانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئەدا کە بەرەوە سندوقەکانی دەنگ دان بچن و دەنگ بدەن بە لیستی 730 ئەوە بو کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەستە دەستە بە جل و بەرگی ئاڵا واڵای کوردیەوە دەچون دەنگەکانی خۆیان ئەدا بەلیستی 730 بەڵام زۆری پێ نەچو زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستان لەبەرانبەر ئەو ناعەدالەتیەی کە لە لایەن سەرکردایتی کوردەوە لە کوردستان و عیراق پیرەویان کرد دەنگی نارەزایان بەرز دەکردەوە چونکە ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرا پێش هەڵبژاردنەکان دواتر وادەرنەچو وەکو پشت گوێ خستنی مادەی سەدوچل کەتائیستاش بەس بەدەم جێ بەجێ دەکرێ ئەمە جگە لەوەی ئەو بێ سەرو بەرێەی کە لە کوردستاندا هەیەو وەکو دزینی پارەی میللەت لە لایەن بەرپرسانی کوردەوە خۆ دەوڵەمەند کردنیان بەبێ گویدانە داواکاریە ڕەواکانی میللەتەکەمان ئەو وەعد و بەڵێنانەی بەرپرسانی کوردستان کە بە خەڵکی کوردستانی ئەدەن و هیچی نابەنەسەر وای کردوە ئیستا زۆربەی هاوڵاتیان ئەڵێن جارێکی تر ئەو پەنجەیەی خۆم دەبڕم بیکەمە مرەکەبا بۆ کورد ئایە بەرپرسانی کورد بیر لە ئایندەی خۆیان ناکەنەوە خۆ هەڵبژاردنی ترمان لە پێشە. لەکاتی هەڵبژاردنەکە کابرایکم بینی دەستی بە مرەکەبەکەوە نەبوو دەمەو ئیواربوو پرسیارم لێ کرد ئەرێ ئەڵێیت نەرۆیشتویتە دەنگ بدەی وتی ئیستا لە ئیش هاتومەتەوە دەنگیش بە کەس نادەم هەموی ئەکەمە قوربان تایری مانەکەم کە کاسبی پێ دەکەم. ئەو کاتە من زۆر رقم لێی هەستا بەڵام ئیستا زانیم ئەو کابرایە زۆر عاقڵ بوو چونکە ئیستا زۆربەی میللەتەکەمان هاتونەتە سەر قەناعەتەکەی ئەو کابرایە لە گەڵ خۆمیشدا. وەلی ماویکی زۆرە خەڵکی کوردستان زۆر تورەبوبون لە بەرانبە بێژەری دێرینی دەنگی گەلی کوردستان فەرهاد سەنگاوی لە هەرچ شوێنێك باسیت بکردایە ئەیان وت ئەویش گەندەڵە چونکە ئەو خەڵکی هان ئەدا بۆ دەنگ دان بەڵام ئەو کەڵە پیاوە وەکو چۆن لەسەردەمی شاخدا بە دەنگە زوڵاڵەکەی بەهەزاران گەنجی کردە پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی کوردستان لە داگیر کەران ئەم جارەشیان هاتەوە میدانی کوردایەتی ڕاستەقینەو لە سیدێکی نوێدا کەتۆماری کردوە بوەتە جێگای دەست خۆشی و دڵ خۆشی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان بە گشتی و گەرمیان بەتایبەتی لەم سیدیە نوێیە کە لە لایەن دەسەڵاتە گەندەڵەکەی کوردستانەوە قەدەغەکراوە فیرمان دەکات ئەگەر تاکی کورد ئازاد نەبێت ئەوە مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرێت قەت بنبرناکرێت و هتابێت پەرەش ئەسێنێت وەکو ئەوەی چۆن سەرکردەکانی کورد ئیستا وەکو سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا خۆیان ئەمێنن هەر رەئیسی وڵاتن دوایش خۆیان مردن کوڕەکانیان جێگایان دەگرنەوە ئەگەر تاکی کورد ئازاد بێت لە هەڵبژاردن و ئازادی ڕادەربڕین و هتد ئەوە بەهیچ شێوەیەك نە دەسەڵاتی باوکو کوڕ ئەمێنێت نە ئەو هەموو زوڵم و ناعەدالەتیەی کە باڵی بە سەر کوردستاندا کیشاوە ئەوە ئەمانتوانی بەشێوەیەکی ئەوروپیانە خۆمان بە جیهان بناسیانایە نەك وەکو دیکتاۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست.. کاك فەرهاد سەنگاوی لە دوای ئەوەی بە دەنگە زوڵاڵەکەت داتبە گوێ هەمواندا کەچی زوڵمێکی گەورە لە کەرکوك و گەرمیانیکان کراوە لە لایەن سەرکردەکان و بەرپرسەکانی کوردەوە خۆی وە ئەو گەندەڵیانەی کە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:06 23-7-2007

کوردستاندا هەتابێت پەرە ئسێنێت چی و چی تر بۆیە ئیستا لە ناو خەڵکدا باشترین جەماوەرت هەیە تکات لێ دەکەم قەت لەوە هەڵ ویستانەت پاشگەزنەبیتەوە چونکە خەڵکی چاوەڕۆانی شتی لەوە باشر لە کەسانی وەکو تۆو هاوشێوەکانت دەکات بۆ ئەوەی ببنە هەوێنی گۆڕینی ئەم سیستەمە تەقلیدیەی بەعسیانەیەی کە لە کوردستاندا هەیە و پەیڕەویش دەکرێت.. ئوەی جیگای داغ بوو لای من قەدەغەکردنی سیدێکەت بوو بە لای منەوە چونکە ئەوەم بەیاد ئەهێنێتەوە کاتی خۆی کە منداڵ بووم براگەورەکەم لە ژورەکەی بنەوەیماڵمانەوە گوێی لە چالاکیەکی تۆ دەگرت کە لەناو کاسێتدا تۆمار کرابوو منیش نەمدەزانی مەسەلەکە چیە براکەم جار جار پێی دەوتم باسی نەکەی لەناو منداڵان دوای بمگرن ئەم کوژن. لەکاتی سەردەمی بەعس بەوشێوەیە خەڵکی گویان بۆ دەنگە زوڵاڵەکەت شل دەکرد کەچی لەسەردەمی حوکمی کورد خۆیدا ئەبێت ئیستاش بە دزیەوە خەڵك گوێ لە تۆ بگرن بەڵام خەیاڵیان خاوە نازانن سەردەم گۆڕاوە سەردەمی پێش کەوتن و تەکنەلۆجیایە و بەهەموو شێوەیەك ئەتوانین گوێ بیستی دەنگی تۆ بین من وەکوو خۆمیش باکم نیە لە مردن هەربۆیەش لە کۆمپیتەرەکەی خۆمەوە چەندین سیدیم کۆپی کردووەو بە بەلاش بەخشیومە بە هەموو دۆست و برادەرێك ئەو کاتە خۆم بە ئازاد ئەبینم لەسەر ئەو سیدیە دەست گیر بکرێم

کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.